# خۆپیشاندانی جیهانی لەدژی جەنگ

## هەمووان رایانگەیاند "ئەمریکا هیزەکانت لەعیراق ببەدەروە!"

### نوری بەشیر

رۆژی 18 مارس، لەسەدان شاری دنیادا، و بەبەشداری سەدان هەزار کەس خۆپیشاندانیکی هاورۆژەی جەماوەری بەبۆنەی سیهەمین سال رۆژی پەلاماری ئەمریکا بۆسەر عیراق بەرخرا، خۆپیشاندەران ئەگەرچی بەگشتی لەدژی جەنگ و ئینسان کوژی و بۆ ئاشتی و تەبایی نیوەندی شەقامی شارەکانیان گرتبوو، بەلام لەتیکرای وولاتان شیعاری سەرەکی خۆپیشاندەران بەدژی ئەمریکاو جەنگ و داواکاری چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانانی بوون لەعیراق و کۆتایی هینان بە داگیرکاری.

بەلام تایبەتمەندی خۆپیشاندانەکانی ئەم سال لە چەند رووە وە دەکری جیگای ئاماژەبێ و وەك پەیامیکی ئینسانی و پیشکەوتن خوازی ئەم



بەرەیە بەهەند وەربگیری. لەریزی پیشەوەی ئەو تایبەتمەندیانە ئەو خالە بەرجەستەیە کە خەلکی پیشکەوتوو خواز و مەدەنی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا نەك هەر لەهەمان سەنگەری هەستکردن بەلیپرسراویتی ئینسانی بەرامبەر بەرووداوە مەترسی‌دارەکانی دنیای ئەمرۆ راوەستاون، بەلکو خەریکن یەخەی دەسەلاتدارانی ولاتەکانی خۆیان دەگرن و لەراستای داکۆکی‌کردن لە ژیانی ملیۆنەها ئینسان کەجەنگ و داگیرکاری هەرەشەی مەرگ و برسیتی و ئاوارەیی‌یان لیدەکات فشار دەهینن. بەتایبەتی لە ئەمریکا وبەریتانیا لەشارەکانی نیو ورك وبۆستن ولەندن، خۆپیشاندەران خوازیاری کشانەوەی سەربازانی ئەمریکایی و بەریتانی بوون لەعیراق وئەفغانستان. هاوکات لەم دوو ولاتەی کە دەسەلاتداران ژیانی خەلکی سەرزەویان خستۆتەبەردەم شەرە یەك لە دوایی یەکەکانی خۆیانەوە، خۆپیشاندەران " درۆ ووتن"یان بەسەرۆك کۆمار و سەرۆکی وەزیران راگەیاند وووتیان ئەم شەرە وئەم ئینسان کوژی‌یە بەناوی ئیمەوە مەکەن.. چیتر درۆی ئیوە مان ناوی و جەنگ وداگیرکاریتان کۆتایی پیبهینن. لەکەنەداش خۆپیشاندان شارەکانی تۆرنتۆ، ئەتاوا، ڤانکۆڤەر, مۆنتریالی گرتەوە و شیعاری چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا خواستی سەرەکی خۆپیشاندەران بوو.

لەکۆپنهاگن، پایتەختی دانیمارکیش خۆپیشاندەران بەرییپوان بەرەو سەفارەتی ئەمریکا بەری کەوتن و لەسەروك وەزیرانی دانیماك داوایان کردن کە سەربازانی دانیمارکی لەعیراق بکشینیتەوە. لەتورکیا دژایەتی کردنی جەنگ بەتەواوی هەموو لایەکی گرتبووەوە، لەشاری ئەستەنبول خۆپیشاندەران راستەوخۆ شیعاریان لەدژی ئەمریکاو جەنگ لەعیراق راگەیاند ولەسەر پلاکارتەکانیان نوسیبویان" ئەمریکا بگەریرەوە بۆ مالی خۆت". لەسویدیش رییپوانی جەماوەری بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لەشاری ستۆکهۆلم بەری خرا و دروشمی خۆپیشاندەران بریتی بوولە" ئیمە دیموکراسی ئەبو غریب و ئازادی گوانتانامۆیی‌مان ناوی!" لە یونانیش رییپوان بەرەو سەفارەتی ئەمریکا بەری‌خرا وخۆپیشاندەران خوازیاری راگرتنی جەنگ بوون لەئیتالیا و سویسراو ئوسترالیا ویابان وئەلمانیا و باقی ولاتانی تریش خۆپیشاندانی هاوشیوە بەری خرا.. لەولاتانی وەك مالیزیا وپاکستان و کۆریای جەنوبی رۆژی دواتر خۆپیشاندان بەهەمان بۆنەوە بەری کەوت.. ئەمانەو خۆپیشاندانی جەماوەری بەدژی جەنگ لە عیراقیش لەنیو بارودۆخی ناهەمواری شەری ناوخودا نیوەندی شەقامی شارەکانی گرتەوە.

بەلام تایبەتمەندی‌یەکی تری خۆپیشاندانی ئەمسال نیگەرانی و دلەراوکی‌ی خەلکی دنیایە بەرامبەر بەقەیرانیك کەلەنیوان جمهوری ئیسلامی ئیران و ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپادا پیکهاتووە، هەربۆیە لەنیو دروشمی خۆپیشاندەرانەوە ئەو دروشمەش بەرچاوبوو کە رایدەگەیاند"دەست لە یەخەی خەلکی ئیران بەردەن"،"ئیران مەکەن بەعیراق و ئەفغانستان"!!

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق هاوشانی جەماوەری نارازی دنیا لەنیو ئەم خۆپیشاندانانەدا دەوریکی چالاکانەی گیرا وبۆگەیاندنی پەیامی کۆمۆنیستی خۆی بەبلاوکردنەوەی هەزاران نسخە لە بەیننامەو ئەدەبیاتی حیزب و بەقسەوباس و ووتار بیژی، بەدیدار لەگەل کەنالەکانی راگەیاندن و رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنە محەلی‌یەکان سیاسەتی شۆرشگیرانەو رزگاری بەخشی خۆی بەجەماوەری خەلك

راگەیاند.. جیگای ئاماژە پیدانە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، وەك هێزی پیشرەوی حەرەکەتی دژی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا، هاوکات بەشیعاری راوەستانەوە بەرامبەر بە هەردوو قوتبی تیرۆریزمی جیهانی ئەمریکا وهاوپەیمانانی لەلایەك و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی ترەوە، بەشداربوو، لەمبارەوە ریکخستنەکانی حیزب لەولاتانی بریتانیا و سوید و نەرویج و سویسرا وکەنەداو.. لەپیشەنگی ئەم خەباتەدابوون. هەروەها ئەمسال حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، کۆنگرەی ئازادی عیراق، ریکخراوی ژن لەعیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران – حکمتی، بەشیعارەکانی ( نا بۆ ئەمریکا نا بۆ ئیسلامی سیاسی، چونە دەرەوەی دەستبەجێی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، نا بۆشەری تایفی و قەومی، بەڵێ بۆ ئەمنیەت و ئازادی و سکولاریزم ) بەشداری خۆپیشاندانیان کرد .